www.kurdistannet.org
28-4-2006 11:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نەنیشتیمانی بی دین و نەدینی بی نیشتیمان ... مەلا جەعفەر گوانی

J_gwani2005@yahoo. com

رووداوەکانی کوردستان واقیعێکی وایان دەرخست، کە تەواو جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەتایبەتی هەندێك دیاردەی شاز و ریزپەڕ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەر شتێك کە بووە بەشێکی سەرەکی لە هەر کۆمەڵگایەك بەتایبەتی لە رووی ئیجابیەوە، لابردنی هەڵەیە و ، بەردەوامبوون لەسەر لابردنیشی کارەسات دەخوڵقێنێت.
کوردستان خاکی کوردەکانە و ، زێدی باوك و باپیرانیانە، هەمیشە هەوڵ دراوە ئەو خاکەیان لی بستێندرێت، ئیسلامیش ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، بە هەمان شێوە هەمیشە هەوڵ دەدرێت ئایین لە نێو خەڵك دەربهێنن، هەردوو هەوڵەکەش کارەساتیان بەداوە دێت، ئەوەنییە چەندین ساڵە دوژمنانی کورد هەوڵ دەدەن بە هەمووو جۆرە چەکێکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، داگیری بکەن و ئێمەش لەوەدا قڕ بکەن، بەڵام بۆ ئەوان بووە کارەسات و کۆڵنەدان و نەبەردی میللەتی کوردی لی دروستبوو و ، پاشانیش شەرمەزاری ئەوانی لێکەتەوە، ئەوە نییە لە نێو قەفەزی دادگا و بەبەرچاوی دونیا سەدام و سەرانی دیکە لە بن دەستی دادوەرێکی کورد داگایی دەکرێن.
لە کوردستانیش بەداخەوە خەریکە کەسانێکی نامەسئول هەوڵ بۆ کاری نادروستەکەی دووەم دەبەن و ، گەرەکیانە ئایین لە نێو هەست و سۆزی هاوڵاتیانی کوردستان بێننە دەر و ، ئایین لە ژیانی خەڵکی دووربخەنەوە، لەوەشدا وەك رۆژئاوا داوای دوورخستنەوەی ئایین ناکەن، بەڵکو لەبری دوورخستنەوە دژایەتی ئایین دەکەن، نازانن ئەو واقیعەی لە رۆژئاوا هەبوو، بووە مایەی دروستبوونی دوورخستنەوەی ئایینی مەسیحیەت لە کۆمەڵگا هەرگیز لە ئیسلامدا بوونی نییە، چونکە رۆژئاوا جگە لە زیان هیچ قازانجێکی لە مەسیحیەت نەکرد، ئەوەش وەنەبێت بۆ خودی ئایینەکە بگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ مومارەسەی ئایینەکە دەگەڕێتەوە لەلایەن قەشە و مالمەکان و پیاوانی ئایینی مەسیحی.
دیارە کۆمەڵێك رۆشنبیری کوردیش، کە لە رۆژئاوا دەژین، یاخود لە کوردستان دەژین، بەڵام سەرسامن بە بیری رۆژئاوایی، دەیانەوێت هەمان ئەو مامەڵەی رۆژئاوا لەگەڵ کەنیسە و پیاوانی ئایینی و مەسیحی و خودی ئایینەکە کرد، هەمان شتیش لەگەڵ ئیسلام و مزگەوت و زانایانی ئایینی ئیسلامی بکەن، بەڵام کارەکە بەپێچەوانەوە لە بری بەپیرەوە هاتن، ئەوەتە بێزاری خەڵکی لێدەکەوێتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێشتا رووی بنەوە و راستەقینەی خۆیان پیشانی خەڵکی کوردستان بەشێوەی گشتی نەداوە، بەڵکو پتر خەڵکی رۆشنبیر و خوێندەوار لە مەبەستەکانیان تێدەگات، کاری وان بەداخەوە بووە هۆی لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی و کوردستانی لە هزر و بۆچوونی هاووڵاتیان و خەڵکی کوردستان، چونکە نە مزگەوت کەنیسەیە و نە مەلاش قەشەیە و نە ئیسلامیش مەسیحیەتە، مەبەستم ئەو مەسیحیەتەیە کە شۆڕشی لە دژدا بەرپا کرا، چونکە ئیسلام بووەتە بەشێك لە هەموو ژیانی هاووڵاتیان، ئاخر ئیسلام شوێن نییە لە ژیانی رۆژانە بەشی تێدا نەبێت، هەر لە خواردن و خواردنەوە و کارکردن و چوونە مزگەوت و چونە بازاڕ و خوێندن و دەسەڵات و یاسا و هەموو بەشەکانی ژیان هەیە، کەواتە دژایەتی کردنی ئایین، واتە دژایەتیکردنی هەموو بەشە گرنگەکانی ژیان، لە هەموو ئەو شتانەی هەیە. ئیسلامیش مەسیحیەت نییە، چونکە مەسیحیەت کۆمەڵگای رۆژئاوایی شڵەژاند بوو، کەچی ئیسلام فێری خۆشەویستی و پێکەوەژیان و رێزگرتن و بەپیر یەکەوەچوون و یەکتر قبوڵکردن و هەموو بەهایەکی جوان بووینە، ئەوانەش کە پێیان وایە ئیسلام زیانی بە کورد گەیاندووە، با بێن تەماشای ناو واقیعی ژیانی رۆژانەی خەڵك بکەن، تا ئایین رۆڵی خۆی دەبینی تاوان زۆر کەم بوو، خۆشەویستی و پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکان لە لوتکە بوون، تا ئەو کاتەی رۆڵی ئایین کز دەبێت،

بەپێچەوانەی پێشەوە کوشتن و تاوان و بڕین و هەموو شتێکی ناشیرین خەریکە دروست دەبێت.
زانایانی ئایینی ئیسلامیش لە کوردستان وەك قەشە و پیاوە مەسیحیەکانی رۆژئاوا نینە، چونکە ئەگەر قەشەکان لەگەڵ دەوڵەمەندان رێك دەکەوتن بۆ زیانگەیاندن بە هاووڵاتیان، ئەوا بەپێچەوانەوە زانایانی ئایینی هەڵگری مەشخەڵی خۆشەویستی و تەبایی و برایەتی و شۆڕشگێڕی بوونە، مەلایانی کوردستان لە بری ئەوەی پشتی دوژمن بگرن لە دژی گەلەکەیان، بەپێچەوانەوە پشتی دوژمنیان شکاند بۆ بەرگری کردن لە گەلەکەیان، کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو هەموو قوتابیانەی مزگەوت بکات، کە بوونە شۆڕەسواری مەیدانی کوردایەتی و ، بوونە سەرقافڵەی شۆڕش، هەر لە شێخ عوبێدوڵای نەهرییەوە بگرە تا دەگاتە شێخ مەحمود و مەلا مستەفای بارزانی.
کەواتە هەوڵ دان بۆ لابردنی ئایین هەم کارێکی نازانستییە و هەمیش هەوڵێکی مایە پووچە و ، ئەنجامیش لەوانەیە زیانێکی گەورە بە کورد و کوردستان بگەیەنێت، بەوەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین: نە نیشتیمان بەب،، ئایین دەبێت، چونکە ئایین خەڵکی بۆ سەربەخۆیی ئەو نیشتیمانە داوە و بەشێکی لە نیشتیمانیانی ئەو نیشتیمانە، ئایینیش بەب،، نیشتیمان نابێت، چونکە ئەوەشمان تاقی کردەوە تۆ ئەگەر ئایینت هەبوو، بەڵام نیشتیمانت نەبوو، ئەوە ناتوانی بەتەواوی دینداری خۆت بکەیت.
بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە، چ ئایینی ب،، نیشتیمان، چ نیشتیمانی ب،، ئایین سوود ناگەیەنێت.